# تاوانبارانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەبەردەم دادگا

**دوێنێ دادگای باڵای تاوانی ئێراق بەسەرۆکایەتی دادوەر محەمەد ئەلعورێبی دەستی بە دادگاییکردنی هەریەک لەتاوانباران عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە عەلی کیمیاوی و سولتان هاشم، سابیر عەبدولعەزیزو فەرحان موتلەک کرد لەسەر بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجەی شەهیدان بە چەکی کیمیاوی لە 1988/3/ 16 کە بەهۆیەوە زیاتر لە 5 هەزار هاوڵاتی کورد بوونە قوربانی و ئاسەوارو کاریگەری ئەو چەکە قەدەغەکراوە تا ئێستا بەسەر ژیانی خەڵکی ناوچەکەدا ماوە.**

لەبارەی دەستپێکردنی دادگاییکردنەکە هەڤاڵ ڕەحمان بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنان لەوەزارەتی کاروباری شەهیدو ئەنفالکراوان، کە ئامادەی دانیشتنی دادگاییکردنەکەیە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ خەبات گوتی: 2008/12/21 دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق یەکەم دانیشتنی خۆی تایبەت بە دۆسیەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی شەهید دەستی پێکرد. ئێمە لەوەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بەشاندێک بەشداریمان کرد بەسەرپەرشتی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان خاتوو چنار سەعد عەبدوڵڵا و چەند کەسێک لەوەزارەت. هەروەها 3 ئەندامی پەرلەمانی کوردستان کە خەڵکی شاری هەڵەبجەی شەهیدان لەگەڵ ئەم شانده هاوبەشە هاتوون. جگە لەوە چوار پارێزەری تایبەت بەشداریان کردبوو ئێمە وەک وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان 4 مانگ پێش ئێستا لەڕێگای سەندیکای پارێزەرانی کوردستان داوامان کردبوو کە 4 پارێزەری تایبەت بە دۆسیەی هەڵەبجەمان دەستنیشان کردو ئەو پارێزەرانە خەڵکی هەڵەبجە بن و بەشانازییەوە سەندیکای پارێزەران پێشتر ئەو 4 پارێزەرەی بۆ دەستنیشان کردین و دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران ئێمە گرێبەستمان لەگەڵ ئەو 4 پارێزەرە کرد کە تایبەتن بە دۆسێی هەڵەبجەو مانگانەیان بڕی 2 ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینارە لەلایەن وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان دەدرێتێ. ئەو پارێزەرانە ئەرکی داکۆکیکردن لە دۆسێی هەڵەبجە وەکو دادگاییکردنی سەرانی ڕژێمی بەتاوانی هەڵەبجە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە کۆتایی پێ دێت. ئەمڕۆ هەڵەبجە بوو بەسەرۆکایەتی دادوەدر محەمەد ئەلعورێبی بوو. دادگاییکردنەکە کاتژمێر 1ی پاشنیوەڕۆ دەستی پێکرد، درای 2 کاتژمێر کۆتایی پێ هات. وا بڕیارە ڕۆژی سێ شەمە دووەم دانیشتن بەڕێوە بچێت و 8 شاهید لەخەڵکی هەڵەبجەی شەهیدانمان گەیاندووەتە بەغدا کە ئەمڕۆ یەکێکیان لەپێش دادوەر و ئەنجومەنی دادوەری دادگای تاوانەکان. هەروەها دە ئەوەندەی سەرەکی لە دۆسیەی هەڵەجە ئەمڕۆ بانگهێشت کرابوون و ئامادەبوون لەبەردەم دادگا. تاوانبارەکان بریتی بوون لەعەلی حەسەن مەجید ناسراو بە عەلی کیمیاوی، سولتان هاشم، سابیر عەبدولعەزیز دوری و فەرحان موتلەگ. ئەو چوار تاوانبارە سەرەکییە ئەمڕۆ لەدادگا ئامادەبوون و ئەو چوار تاوانبارە چوار پارێزەری تایبەتی خۆیان هەیە کە پارێزگاریان لێ دەکەن و ئێمەش وەک وەزارەتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەناو پرۆسەکەو لەناو شارەکە بوونەو خاوەن قوربانین. لەلایەکی دیکەشەوە پارێزەرەکان بەتوانان. پێشبینی دەکەین ئەو دۆسیەیە بەشێوەیەکی عادیلانە بەڕێوە بچێت و سزای عادیلانە بەسەر تاوانبارانیش بسەپێنرێت. ئێمەش لەدادگاییکردنی تاوانبارانی دۆسیەی هەڵەبجە ئامادەبووین، بەسەرپەرشتی جەنابی وەزیر لەگەڵ سەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراقی دانیشتین. لەسەر مەسەلەی ئەوەی دادگای باڵای تاوانەکان بڕیارێکی هەبوو بۆ داخستنی هەردوو نووسینگەی هەولێرو سلێمانی دادگای باڵای تاوانەکان پێشتر ئێمە بە نووسراوێکی لەرێگای ئەنجومەنی سەرۆکایەتی وەزیران داوامان کردبوو کە پێویستە دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراقی هەردوو نووسینگەی هەولێرو سلێمانی بهێڵینەوە لەبەر ئەوەی هێشتا چەند دۆسیەیەکمان ماوە وەک دۆسیەی بێسەرو شوێنکردنی 8 هەزار بارزانی، دۆسیەی راپەرینی 91 و دۆسیەی هەڵەبجەو دۆسیەی زێوەو دۆسیەی قەڵادزێ و چەندین دۆسیەی دیکە کە هێشتا ماوە دادگای باڵای تاوانەکان دادگای تایبەتیان لەسەر بکاتەوە. لێرەدا ئێمە داوامانکردبوو ئەو نووسینگانەی هەرێمی کوردستان بهێڵنەوەو ئەمڕۆش لەو دانیشتنە لەگەڵ سەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکان. وەزیر جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت هەردوو نووسینگەی هەولێرو سلێمانی هێنندەوە تاکو دۆسیەکانی دیکەش یەکلا دەبنەوە.

**بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنان لەوەزارەتی کاروباری شەهیدو ئەنفالکراوان:**

**پێشبینی دەکەین ئەو دۆسیەیە بەشێوەیەکی عادیلانە بەڕێوەبچێت و سزای عادیلانە بەسەر تاوانبارانیش بسەپێنرێت، ئێمەش لەوەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان چەند لیژنەیەکمان هەیە.**

# پەیوەندیی ڕووسیاو ئەمەریکای لاتین لە پەراوێزی سەردانەکەی ئۆرتیگادا

**پاش ئەو ساردو سڕەی زیاتر لە بیست ساڵە پەیوەندییەکانی ڕووسیا و نیکەراگوای پێ دەناسرێتەوە بەبانگهێشتێکی فەرمی دێتری میدڤیدڤی سەرۆکی ڕوسیا ، دانییێل ئۆرتیگای سەرۆکی نیکەراگوا لە یەکەم سەردانیدا گەیشتە مۆسکۆ، ئەم سەردانەی سەرۆکی نیکاراگوا لە ساتەوەختێکدایە کە پەیوەندییەکانی ڕووسیاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بارگرژی و ئاڵۆزی زۆری تێکەوتووەو ئۆرنیگاش بەیەکێک لە نەیارە سەرسەختەکانی ئەمەریکا دەناسرێتەوە، ئەم خاڵەش بۆتە سەرەکیترین خاڵی هاوبەش کە زەمینەساز دەکات بۆ نزیک بونەوەی هەردوولاو توانەوەی ئەو بەستەڵەکەی لەماوەی بیست ساڵی پەیوەندیە ساردو سڕەکان دروست بووە.**

میدڤیدیڤی سەرۆکی ڕوسیا دوای پێشوازیکردنی لە دانییڵ ئۆرتیگای سەرۆکی نیکەراگوا چەندین کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆی دوو قۆڵیان سازدا تەوەری سەرەکی ئەو کۆبوونەوانە تاوتوکردنی ڕێوشێنەکانی فراوانکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات، ڕووسیا کە چاوی لەوەیە لەگەڵ نیکەراگوا بەتایبەتی و وڵاتانی ئەمەریکای لاتین بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی ستراتیژی مەودا دوور بنیات بنێت، لەلایەن سەرۆکی مێوان ئەم پێشنیازە بە گەرمی پێشوازی لێکرا، نەک هەر ئەوەش بەڵکو ناوبراو ڕایگەیاند: وڵاتانی ئەمەریکای لاتین خۆشحاڵن بە بوونی ڕووسیا لەکیشوەرەکەیان. چاوەڕێش دەکرێ لەسەر هەموو ئاستەکان باس لەبەرەو پێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بکرێ بەتایبەتیش هاریکاری لە بواری تەکنەلۆژیای سەربازی، ئەمەش بەئاشکرا بۆتە مایەی نیگەرانکردنی ئیدارەی کۆشکی سپی بەتایبەتی دوای بەرپابوونی شەڕی نێوان ڕووسیا و گورجستان و ڕەوانەکردنی چەند کەشتیەکی سەربازی ڕووسی بۆ ئەمەریکای لاتین، پێناچێت بوونی سەربازی ڕووسیا لەو ناوچەیە لەماوەی دەمی داهاتوو پاشەکشەو بەرەو کەمی بڕوات، بەڵکو ڕووسەکان بەنیازن لەرێگەی فراوانکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی کیشوەرەکە ئاست و مەودای بوونی سەربازی خۆی لەو ناوچەیە کە بە باخچەی دواوەی ئەمەریکا دەناسرێ بەهێزتربکات وئۆرتیگا پشتگیری خۆی بۆ بیرۆکەی جیهانێکی فرە جەمسەر دەربڕی و ڕاشیگەیاند بەهۆی هەژموونی یەک هێزو یەک وڵات ئاسایش و ئاشتی لە جیهان ڕوویەڕووی مەترسی گەورە بۆتەوە.

شایانی باسە دانییڵ ئۆرتیگا یەکەم سەرۆکی ئەمەریکای لاتین بوو پشگیری لە هەڵوێستەکانی ڕووسیا کرد لە میانەی شەڕەکەی بە قەوقاز و جگە لەمەش وڵاتەکەی خێرادانیان نا بەهەریەک لەهەرێمی ئەبخازیاو ئۆستییای باشوور.

دوای زنجیرەیەک کۆبوونەوەش هەردوولا چەندین یاداشتنامەی لێکگەیشتنیان مۆرکرد سەبارەت بەهاوکاری دوولایەن لە بوارە جۆربەجۆرەکانی بازرگانی و کشتوکاڵ و تەکنەلۆژیای هاتوچۆو خوێندن هتد..

هەریەک لە نیگەراگوا و ڤەنزویلا و کوبا پەیوەندییەکی گەرموگوڕیان هەیە لەگەڵ ڕووسیا ، ئەو پەیوەندیەش نیگەرانی ئەمەریکا دەوروژێنێ، لەلایەن خۆیەوە دێتری میدڤیدیڤی سەرۆکی ڕووسیا لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کەڕووسیا بەجیددی لەپێشنیازێکی سەرۆکی نیگەراگوا دەکۆڵێتەوە سەبارەت بەیەکبەستنەوەی هەردوو زەریای ئەتلەسی و هێمن لەڕێگەی دروستکردنی ناوەندو قەناتێکی نوێ، سەرۆکی ڕووسیا لە کۆشکی کرملێن لەکۆنگرەیەکی هاوبەش لەگەڵ هاوتا نیگەراگواییەکەی ئامادەی بەوەدا ڕووسیا بە گرنگییەوە سەیری ئەو پێشنیازە دەکات و گوتیشی ئەم بیروکەیە دەتوانێ ئاشتی و ئارامی لەناوچەی کاریبی و تەواوی ئەمەریکای لاتین بێنێتەکایەوە.

شایانی باسە بە گوێرەی لێدوانێکی سیرجی لامرۆڤی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا بڕیار وایە کە هەریەک لە سەرۆکی ڕووسی و باراک ئۆباما سەرۆکی ئایندەی ئەمەریکا کۆبینەوە دوای ماوەیەکی کەم لەوەرگرتنی پۆستەکەی بۆ تاوتوێکردنی پەیوەندی نێوان هەردوولا و ناکۆکییەکانی نێوانیان.

**ئا: بەختەوەر**

**دانیل ئۆرتیگا یەکەم سەرۆکی ئەمەریکای لاتین بوو پشگیری لە هەڵوێستەکانی ڕووسیا کرد لە میانەی شەڕەکەی بە قەوقاز و جگە لەمەش وڵاتەکەی خێرادانیان نا بەهەریەک لەهەرێمی ئەبخازیاو ئۆستییای باشوور.**

چین

**تەمێکی زۆر چینی داگرتووەو بۆوەتە هۆی ئاستەنگ لەبەردەم هاتووچۆدا**

**ڕۆیتەرز 2008.12.21**

## بەدووستون

### سندووقی دراوی نێودەوڵەتی هانی گەشەندن دەدات

دۆمینک سترۆسی بەڕیوبەری سندوقی نیوو دەوڵەتی لە لێدوانێکیدا بۆ BBC ڕایگەیاند پێویستە حکومەتەکان زیاتر پارەکانیان لە بواری هاندانی گەشەسەندنی ئابووری بخەنەگەر و گوتیشی: ئەو بڕیارانەی کۆمەڵەی

20 وڵاتەکە دەریان کردووە لە ئاست بە دیهێنانی ئەم مەبەستە نیە گوتیشی: بەپێی پێشبینیەکان ساڵی 2009 ساڵێکی زۆر خراپ دەبێت بە دووریشی نەزانی لەبەر ئەوەی گرفتە ئابوورییەکان کاریگەری بەسەر سەرجەم کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی دەبێت بێتە هۆکاری سەرهەڵدانی بزووتنەوەی جەماوەری لە وڵاتاندا.

### سەرۆکی مۆریتانیای لە کارلابراو ئازادکرا

هێزەکانی ئاسایشی مۆریتانیا سیدی ولد شیخ عەبدولای سەرۆکی پێشووی لەکار لابراویان ئازاد کرد کە پێشتر هەر لە مانگی ئابی ڕابردوو دوای لەکارلابردنی لە ژێر چاودێریو دانیشتنی زۆرەملێ دابوو. لەمبارەیەوە ئەمەلی کچی سەرۆکی لەکارلابراو گوتوویەتی پۆلیس سەر لە بەیانی هاتوونەتە ماڵەکەیان باوکیان بەردو پایتەخت بردووەو لەوێش بە شێوەیەکی ڕەسمی ئازادیان کردووە. شایانی باسە ئەم هەنگاوەی ژەنەرال ولد عەبدولعزیز سەرۆکی کودەتاکە دوای ئەو گوشارە زۆرەی هەر یەک لە یەکێتی ئەفریقا و ئەورووپا هات کە لە پێناو ئازادکردنی سەرۆکی پێشوو خستبوویانە سەری، ئەمەش بەیەکەمین بە دەنگەوەچوونی نابراو بۆ ئەو گوشارانە دادەنرێت کە لە پێناو گەراندنەوەی دەسەڵات بە یەکەم سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەو وڵاتە خراپووە سەری.

### ئەسینا.. شەپۆلێکی دیکەی توندوتیژی بەخۆە بینی

دوای ئەوەی لە خۆپیشاندانەکانی 6ی ئەم مانگە گەنجێک بە گوللەی

پۆلیس کوژراو وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەم ڕووداوە ژمارەیەکی زۆری خۆنیشاندەران جارێکی دیکە لە شوێنی ڕووداوەکە کۆبوونەوە بە بەردو شووشەی پر ماددەی سووتێنەر پەلاماری پۆلیسیاندا و ئەوانیش بە بۆمبی گازی فرمێسک ڕژێن وەڵامی خۆپیشاندەرانیان دایەوە. مایەی باسە ماوەیەکە پشێوی و خۆپیشاندان بە هۆی بێکاری و نارازیی خەڵک لە سەر بەرنامە چاکسازییەکانی حکومەت چەندین شاری یونانی گرتۆتەوەو بە هۆی ئەم کارانەشەوە زیانی سەدەها ملیۆن دۆلار بە ئابووری کەوتووەو تا ئێستاش کوستاس کارمانلیسی سەرۆکی ئەم وڵاتە ئەوە ڕەتدەکاتەوە بەدەم داواکاری خۆپیشاندەرانەوە بچێت و دەست لەکار بکێشێتەوە.

### پلنگەکانی تامیل 60 سەربازی سریلانکی دەکوژن

پلنگەکانی تامیل لە سەر پێگەی ئەلیکترۆنیان کوشتنی 60 سەربازی تامیلیان لەلایەن هێزەکانیانەوە لە نزیک شاری کیلۆنیتشی باکووری وڵات بڵاوکردەوە، هەروەها ئاماژەیان بەوەشکردووە لە کاتێکدا هێزەکانی حکومەت خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ سەر پێگەکانیان چەکدارانی تامیل پەلاماریان داون و زیانێکی زۆریان پێگەیاندوون. لەلای خۆشیەوە وتەبێژی سوپای سریلانکا کوژرانی چەند

سەربازێکی ڕاگەیاندووە بەبێ ئەوەی ژمارەکەیان ئاشکرا بکات. مایەی ئاماژە پێکردنە پلنگەکانی تامیل لە ساڵی 1983ەوە لە پێناو دامەزراندنی هەرێمێکی سەربەخۆ لە باکوورو ڕۆژهەڵاتی سریلانکا بۆ نەتەوەی تامیل شەر لە دژی حکومەت دەکەن کە جگە لە زیانی ئابووری بۆتە هۆی کوژرانی 70هەزار کەس لە هەردوو لادا.

### کوژراوانی مۆمبای بە هۆی هەڵەی پۆلیسەوە بووە

ئەوانەی لە ڕووداوەکەی ئۆتیلی تاج مەحەل بالاسی شاری مۆمبای هیندی کە لەلایەن چەکدارەکانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو ڕزگاریان بووە گووتویانە هۆکاری کوژرانی زۆربەی ئەوانەی لە ئۆتیلەکە خۆشان حەشاردابوو بۆ هەڵەی پۆلیس دەگەڕێتەوە، چونکە پۆلیس پێیانی ڕاگەیاندبوو ڕەوشەکە ئەمینەو ڕێنمایی پێدابوون دەتوانن بێنە دەرەوە کاتێکیش ئەوان لەسەر قەسەی پۆلیس هاتوونەتە دەرەوە لەلایەن چەکدارەکان بە هەرەمەکی تەقەیان لێکراوەو گیانیان لەدەستداوە. مایەی باسە سەرۆکی ئەو هێزەی پۆلیس کە ئەرکی ڕزگارکردنی خەڵکەکەی پێ سپێردرابوو لە لایەن خۆیەوە ئەم تۆمەتانەی بە نادروست ناوبرد.

کەبان